# ڕاستی ئەو نامەیەی کە باس لە نهێنی نەبوونی پیتی ( یا ) لەپێش هاوار ونزاکانی قورئان دەکات

[ kurdish – کوردی – كردي ]

عبد السلام محمد پشدەری

پێداچوونەوەی : پشتیوان صابر عزیز

2014 - 1436

IslamHouse.com

# صحة عدم ورود نداء الله تعالى بحرف النداء "يا " في القرآن

« باللغة الكردية »

**عبدالسلام محمد البشدري**

**مراجعة : بشتيوان صابر عزيز**

2014 - 1436

IslamHouse.com

# ڕاستی ئەو نامەیەی کە باس لە نهێنی نەبوونی پیتی ( یا ) لەپێش هاوار ونزاکانی قورئان دەکات

**پرسیار** : ئایا ڕاستی ناوەڕۆکی ئەو نامەیە چیە کە باس لە نهێنی نەبوونی پیتی ( یا ) دەکات لە پێش هاوار و نزاکانی قورئانی پیرۆز، ؟ بۆمان ڕوون بکەنەوە، خوای گەورە پاداشتی خێرتان بداتەوە، ئەمەی خوارەوەش دەقی نامەکەیە .

**دەقی نامەکە** : ئایا ئەزانن ئەو نهێنیە چیە کە لەقورئانی پیرۆزدا کە پیتی (یا )لەپێش نزا و دوعاکانەوە بەکار نەهێنراوە، لەگەڵ ئەوەدا دەزانین کە پیتی ( یا ) لە زمانی عەرەبیدا یەکێك لە بەکارهێنانەکانی بۆ نزا وپاڕانەوەیە لەو زاتەی کە هانای بۆ دەبەیت ؟

سەرنج بدە و تێبفکرە لەم ئایەتانەی کە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا فەرمووني :

﴿ قَالَ رَبِّ أَرِنِيٓ أَنظُرۡ إِلَيۡكَ ﴾ [ سورة الأعراف : ١٤٣ ] واتا : موسى ( عليه السلام ) ووتى : ئەى پەروەردگارم خۆتم نیشانده با تەماشات بکەم .

هەروەها فەرموویەتی : ﴿ قَالُواْ رَبَّنَآ أَفۡرِغۡ عَلَيۡنَا صَبۡرٗا ﴾ [سورة البقرة : ٢٥٠ ] واتا : طالوت وسەربازەکانی پاڕانەوە و ووتیان : ئەی پەروەردگاری ئێمە خۆگری و ئارامگریمان پێ ببەخشە .

لەجێگایەکی تردا فەرموویەتی : ﴿ رَبِّ لَا تَذَرۡنِي فَرۡدٗا وَأَنتَ خَيۡرُ ٱلۡوَٰرِثِينَ ﴾ [ سورة الانبياء : ٨٩ ] واتا : زەکەریا ووتی : ئەی پەروەردگارم من بەتەنهایی مەهێڵەرەوە، وە تۆش چاکترینی وارپسانی بۆ من، واتە: هەر ئەتۆم بەسە ئەگەر واریسیشم پێنەبەخشی .

وە فەرموویەتی : ﴿ رَّبِّ ٱغۡفِرۡ وَٱرۡحَمۡ وَأَنتَ خَيۡرُ ٱلرَّٰحِمِينَ ﴾ [ سورة المؤمنون : ١١٨ ] واتا : ئەی پەروەردگاری من! بمبەخشە و،

بەزەییت پێمدا بێتەوە، چونکە تۆ لە هەموو میهرەبانان میهرەبانتریت .

دیسان دەفەرموێت : ﴿ رَبَّنَا لَا تُزِغْ قُلُوبَنَا بَعْدَ إِذْ هَدَيْتَنَا ﴾ [ سورة آل عمران : ٨ ] واتا : پەروەردگارا.. دوای ئەوەی کە هیدایەت و ڕێنموویت کردین، دڵەکانمان لامەدە لە ڕێگەی ڕاست .

لەسەر زمانی خێزانەکەی فرعەونیشەوە فەرموویەتی : ﴿ رَبِّ ٱبْنِ لِى عِندَكَ بَيْتًا فِى ٱلْجَنَّةِ ﴾ [ سورة التحريم : ١١ ] واتا : پەروەردگارا لەلای خۆت لە بەهەشتداماڵێکم بۆ دروست بکە.

ئەمانەوە و چەندان ئایەتی تر بەڵگەن لەسەر ئەوەی لە تەواوی جێگاکانی قورئاندا هەرکاتێك نزا وپاڕانەوەیك هاتبیت هەرگیز پیتی ( یا ) ی لەپێشەوە نەهاتووە، نهێنیەکەیش لەوەدایە پیتی ( یا ) لە زمانی عەرەبیدا بۆ بانگ کردن یان هاواو کردنێکە ئەو کەسەی کە بانگی دەکەیت یان هاواری لێ دەکەیت دوور بیت

لێتەوە، ئاشکرایە خوای گەورەش لە بەندەکانیەوە زۆر نزیکە، نزیکتر لە شاڕەگی دەماری دڵی، وەك فەرموویەتی : ﴿ وَنَحْنُ أَقْرَبُ إِلَيْهِ مِنْ حَبْلِ ٱلْوَرِيدِ ﴾ [ سورة ق : ١٦ ] واتا : ئێمە لەشاڕەگی دڵی لێی نزیکترین.

هەروەها فەرموویەتی : ﴿ وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ ﴾ [سورة البقرة : ١٨٦] واتا : ئەی موحەمەد هەرکاتێ بەندەکانم لە بارەی من پرسیارت لێدەکەن: ئایا من دورم لێیانەوە یان نزیك ؟ دەبێ بزانن ، من زۆر نزیکم لێیانەوە.

جا ئایا ئێستا زانیت کە خوای گەورە چەندێك لێمانەوە نزیکە، چەندێك نزیکە لەو کەسەوە کە هاوار و نزای لا دەکات ؟ ئێستا زانیت کە پەروەردگار پێویستی بەوە نییە ناوەندگێریك لە نێوان خۆت و ذاتی هەق تەعالای ئەودا دابنێیت ؟ ئێستا تێگەیشتی تەنها ئەوە کە بە زۆر داواکردن سەغڵەت نابێت چونکە هەمیشە

ئارەزومەندە بەندەکانی لێی بپاڕێینەوە و پیان ببەخشێت، بە پێچەوانەی ئێمەی بەندەوە کە ئیزعاج دەبین بە زۆر داواکردن، ئەوە پەروەردگارە زویر نابێت لە زۆر پاڕانەوە و داواکردن چونکە زۆر نزیکە و زۆریش بەخشندەیە، ئایا نازانیت هەر ئەو ذاتە پیرۆزە فەرموویەتی : ﴿ وَٱسجُد وَٱقتَرِب ﴾ [سورة العلق : ١٩ ] واتا : سوژدە بەرە بۆ خوای گەورە و لێی نزیك بەرەوە .

چونکە بەندە کاتێك سوژدە دەبات بۆ خوای گەورە ئەو کاتە نزیك ترین کاتە کە لە پەروەردگاریەوە نزیکە، وەك پێغەمبەری خوا ( صلی اللە علیه وسلم ) فەرموویەتی : « أقرب ما یکون العبد من ربه وهو ساجد، فاكثروا فیه الدعاء » واتا : نزیکترین کاتێك کە بەندە لە پەروەردگاریەوە نزیك بێت، ئەو کاتەیە کە لە سوژدەدایە، لەبەر ئەوە لەو کاتەدا زۆر لە خوای گەورە بپاڕێنەوە .

بۆیە برای ئازیزم : مەرج نییە کە دەنگت خۆش بێت، یان ڕەنگت جوان وبالأت بەرز بێت، نەخێر تەنها هێندە هەیە سوژدە بەرە بۆ پەروەردگارت و کاتێك خۆت دەبینیتەوە کە زۆر نزیکیت لێیەوە، جا ئەو کاتە هەرچیت هەیە لێی داوا بکە، چونکە ئەو ذاتێکی دەوڵەمەند وبەڕەحمە، وەر هەرگیز بەندەکانی نا ئومێد ناکات .

**وەڵام :**

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان وردود وصەڵات وسەلام لەسەر پێشەوای مرۆڤایەتی محمدی پێغەمبەری ئیسلام و ئال وبەیت و هاوەڵ وشوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

ئەم ووتەیەی لەم نامەدا هاتووە بۆ بەرێزتان بە شێوەیەکی ڕەها بەو شێوەیە بڵێیت بەهیچ شێوەیەك پیتی ( یا ) لە پێش نزا و پاڕانەوەکانەوە لە قورئاندا نەهاتووە، وانییە و ڕاست نییە، چونکە لە قورئانی پیرۆزدا لە چەند جێگایەکدا پیتی ( یا ) لە

پێش هاوار و پاڕانەوەکاندا هاتووە، ئەوەتانێ خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ وَقَالَ الرَّسُولُ يَا رَبِّ إِنَّ قَوْمِي اتَّخَذُوا هَذَا الْقُرْآنَ مَهْجُورًا ﴾ [ الفرقان:٣٠] واتا : پێغەمبەری خودا ( صلى الله عليه وسلم ) ئەی پەروەردگاری من بێگومان- وەك خۆت ئاگادارییی- قەوم و هۆزەکەم ( کە مەبەست پێی قورەیش وخەڵکی مەککەیە ) وازیان لەم قورئانە هێناو پشتگوێیان خست و بەدوایا نەچوون و لێی دوور کەوتنەوە !!

لەجێگایەکی تردا فەرموویەتی : ﴿ وَقِيلِهِ يَا رَبِّ إِنَّ هَؤُلَاءِ قَوْمٌ لَا يُؤْمِنُونَ ﴾ [ الزخرف : ٨٨ ] واتا : ئەی پەروەردگاری من ! بەراستی ئەوانە گەلێکن باوەڕ ناهێنن. واتا : ئەو بێ بڕوایانە بۆ ناترسن لەو سکاڵای پەیامبەرە لە سەر بڕوا نەهێنانیان؟

ئەمجا دەبێت ئەوەش بزانیین کە پیتی ( یا ) هەندێك جار بۆ بانگ کردنی نزیکیش بەکار دەهێنرێت لە زمانی عەرەبیدا،

هەروەك چۆن بۆ بانگ لێکردنی دووریش بەکار هاتووە، ئەوەتانێ لە زۆر جێگای قورئاندا خوای گەورە بان لە پێغەمبەرەکانی خۆی دەکات و دەفەرموێت : ( یا نوح ، یان یا هود، یان یا إبراهیم، هەروەك چۆن موسی ( علیه السلام ) کاتێك گفتوگۆ لە گەڵ فیرعەون دەکات و پێی دەڵێت : ﴿ وَإِنِّي لَأَظُنُّكَ يَا فِرْعَوْنُ مَثْبُورًا ﴾ [ الاسراء ١٠٢ ] واتا : موسی ووتی بەڕاستی ئەی فیرعەون من دڵنیام کە تۆ تیا دەچیت و لەناو دەبرێیت (ئەگەر هەر ئاوا بیر بکەیتەوە) .

خوای گەورەش زاناترە ..

**سەرچاوە : مرکز الفتاوی : ماڵپەڕی ئیسلام وێب**

وصلى الله وسلم على سيدنا نبينا محمد وعلى اله وصحبه وسلم ..